نیسان ٢٠٠٤
ژمارە ٢

# کەپر

گۆڤارێکی مانگانەیە بۆ منداڵان

دەزگەی سپیرێز بەیارمەتی رێکخراوی دیاکۆنیای سوێدی دەریئەکات.

خاوەن ئیمتیاز: چنار عەلی مەندی

## پەیڤی کەپر

رەنگە تا ئێستاکە زۆربەمان نەزانین، بەگوێرەی رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ..، منداڵ ئەومرۆڤەیە کە تەمەنی نەگەیشتۆتە هەژدە ساڵ.

لە ناو ئێمەدا، هەژدە ساڵ تەمەنێکی گەورەیە، کەس ئەم تەمەنە.. یان زۆرجار تەمەنی هەڤدە سالی و شانزە و پانزە و چواردە و رەنگە تائەگاتە دوانزە سالێش .. بەمناڵ حسێب نەکەن..،

مناڵ لای ئێمە.. رەنگە تەنیا ئەو مرۆڤە بچکۆلە و ژیکەلانە بن.. کە بەبە و دایە تازە فێر ئەبن و خۆشن بۆ ماچ کردن و دەهەوا هەلکردن! کەتازە پێ ئەگرن و پێرەوکە ئەکەن و بەزمانێکی شیرینەوە.. فێرەقسەی خۆش ئەبن،

ئەبێت بزانین، مناڵ، مرۆڤە .. لەعابە نیە..، زانستی نوێ پێمان ئەڵێت، مناڵ هێشتا لە ناو سکی دایکیەتی دەنگی دایک و باوکی ئەناسێتەوە.. لە تەمەنی چوار رۆژیدا جیاوازی زمانەکان ئەزانێت..، تا تەمەنی چوار سالی ئەتوانێت بەرەوانی بەچوار زمان قسەبکات..، ئیدی ئەبێت رێزی ئاوەزی مناڵانمان بگرین و بەبایەخەوە گوێ لەپرسیارەکانیان.. پرسیارە زۆر و گەورەکانیان بگرین..، هەمووکاتێکیش بەندەکانی رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵمان لەبەر چاوبێت.. بەتایبەتی لەکاتی نووسیندا.. بۆ مناڵان.

بەرێوەبەری نووسین

سەرنووسەر
مونەیەد تەیب

بەرێوەبەری نووسین
هۆشەنگ شێخمحەمەد

نیگارکێش
ئەحمەددین بیری

دەرهێنان
بەیار جەمیل
بلند ئەحمەد

تیپچنین
نازدار جزیری

سەرپەرشتکاری چاپ
زاگرۆس مەحموود

دهۆک: ئاوایی سەندیکای کرێکارانی کوردستان - نهۆمی سێیەم
kepir@spirez.net

هەولێر: عەنکاوە
تەلەفۆن: ٧٦٠١٦٣٥ و ٧٦٠٤١٧٨
hoshang72@yahoo.com

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە